# بنەچەی زاری گۆران:-

بۆ ئەوەی بنەچەی زاری گۆران بزانین پێویستمان بەوەهەیە، کەوا بزانین زمانی کوردی لەسەرەتاوە تاوەکوئێستا چۆن دابەشکراوە بەسەر دیالێکتەکاندا.
زمانی کوردی بەچەند شێوازێکی جیاواز دابەشکردن و پۆلێنکردنی دیالێکتەکانی بۆکراوە، کۆنترین سەرەچاوە کە تاوەکو ئێستا لەبەر دەستمان مابێتەوە

١- (شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیە) لەساڵی(١٥٩٦) کە ئەویش چوار زاری یان دیالێکتی دەستنیشانکردوە بریتین لە :

(١-کرمانجی، ٢-لووڕی ٣-کەڵهوڕی ٤-گۆران) لەم دابەشکردنەدا هەورامی دەکەوێتە ناو زاری گۆران

٢- -تۆفیق وەهبی بەم شێوەیە دابەشی دەکات

(١-کرمانجی ٢-لووڕی ٣-گۆران ٤-زازایی)

هەرچەندە زازا سەر بە گۆرانە، بەڵام تۆفیق وەهبی بەجیا ناوی هێناوە، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا شوێنی زازاکان لەڕوی جوگرافییەوە دوور بوە، بۆیە هەوڵ دراوە بەجیا ناوی بهێنرێت، تاکو بە لەبیرنەکراوی بمێنێتەوە.

لەم دابەشکردنەدا هەورامی دەکەوێتە ناو زاری گۆران

٣- لیرخ ١٨٥٧ڕۆژهەڵاتناس بووە زمانی کوردی دابەشی سەر پێنج دیالێکتی جیاواز کردووە:

(١-کرمانجی٢-لووڕی٣-کەڵهوڕی٤-گۆرانی٥-زازایی)

لەم دابەشکردنەدا هەورامی دەکەوێتە ناو زاری گۆران

٤- مینۆرسکی ١٩٤٩سێ دیالێکتی دەست نیشان کردووە :

(١-دیالێکتی باشوور ٢-دیالێکتی ڕۆژهەڵات ٣-دیالێکتی ڕۆژئاوا)

لەم دابەشکردنەدا هەورامی دەکەوێتە ناو زاری ڕۆژهەڵات

٥- فواد حەمەد خورشید۱۹۸۳ چوار دیالێکتی دەستنیشانکردووە:

١-کرمانجی باکور  ٢- کرمانجی ناوەڕاست ٣- کرمانجی باشور ٤- گۆران

لەم دابەشکردنەدا هەورامی دەکەوێتە ناو زاری گۆران

ئەمانە وە چەندین دابەشبوونی تر بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەنجام دراوە بەڵام لە ئێستادا ئەوەی زیاتر لەسەری کۆکن بریتیە لە:-

١-زاری سەروو(باکوور)

٢-زاری ناوەڕاست

٣-زاری خواروو(باشوور)

٤-زاری گۆران

1-شێوەزارەکانی زاری باکوور:-

((١-بایەزیدی٢-هەکاری٣-بۆتانی٤-شەمزینانی(شەمدینانی) ٥-بادینانی ٦-دیالێکتی ڕۆژئاوا))

2-شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست:-

((١-موکری٢-سۆرانی٣-ئەردەڵانی٤-سلێمانی٥-گەرمیانی))

3-شێوەزارەکانی زاری باشوور(خواروو):-

((١-لووڕی ڕەسەن٢-بەختیاری٣-مامەسێنی٤-کۆهگلۆ
٥-لەك ٦-کەڵهور، خانەقینی، فەیلی))

4-شێوەزارەکانی زاری گۆران:-

((١-گۆرانی ڕەسەن٢-هەورامی٣-باجەلانی٤-زازا ، شەبەک، زەنگەنە))

## زاری گۆران:-

زاری گۆران گەر لەباشووره وەری بگرین هەر لە باکووری ڕێگای نێوان قەسری شیرین(کرماشان)دەستپێدەکات بەرەوە باکوور تا دەگاتە شاخەکانی هەورامان لە خۆرئاوا لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵات تا دەگاتە کرماشان.
گۆران لەم هەرێمەدا لەچەند تیرەیەکی یەکگرتوو پێکهاتووە بە یەك دیالێکت دەدوێن کە دیالێکتی گۆرانە هەر بەوەشەوە ناوبراوە(گۆران).

**لەڕوی جل وبەرگەوە** و لەروی کەلتورییەوە جل و بەرگی هەورامییەکان هەمان نزیکی جل و بەرگی کوردییە هەم لای ئافرەت هەم لای پیاو.

لای ئافرەت بەکۆڵوانە ناسراوبوو

لای پیاو بە جلی شاڵ و کڵاش و کوڵوباڵ بەناوبانگ بون.

**لەڕوی خواردنەوە**: بە گوێز و توو و مێوژ بەناوبانگ بون.

**لەڕوی ئابوریەوە**: سێ لایەنی ئابوری گرنگی هەبووە، بەتایبەت هەورامان.

١- ئابوری خۆراک: کە سودی لە گوێز و توو و مێوژ وەرگرتوە، گۆڕینەوەی کردوە بە خۆراکەکانیتر.

٢- ئابوری جل و بەرگ: خۆیان توانیویانە جلوبەرگ و پێڵاوی خۆیان دروست بکەن و بیفرۆشن بە شوێنەکانی تریش. لەم کارەدا هەردوو ڕەگەز بەشدار بوون

ڕەگەزی مێ: تەشینی دەزوو بۆ شاڵەکە، دەقی شاڵیان دروست کردوە، لەگەڵ چنینی بەشی سەرەوەی کڵاشیان کردوە، کە بەشە سپیەکەیەتی، بۆیاخکردنی قوماشی بەشی ژێرەوەی کڵاش.

ڕەگەزی نێر: بنی کڵاشیان دروست کردوە.

٣- ئابوری شوێنەکەیان بوو لەڕوی شوێنەوە بەهۆی دابەشکردنی کوردستانەوە کەوتوەتە ناو عێراق و ئێران سنوری هەردوو وڵات بە هەوراماندا تێدەپەڕێت، ئەمەش بۆ ئەوان بوەتە لایەنێکی بازرگانی بۆ کاری سەر سنوری و کڕین و فرۆشتنی شتومەک و هێنان و بردنیان لەم وڵات بۆ ئەو وڵات یان بە پێچەوانەوە.

لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە ژن بە ژن نییە.

## ناوی گۆران:-

وشەی گۆران کۆمەڵێ واتا دەگەیەنێت بەپێی
بیروڕای مینۆرسکی دوو بۆ چوون بۆگۆران هەیە:-

١-لەوشەی گابراڵ یان گاوران یان گەوران
بەواتای لایانگرانی زەردەشت هاتووە
٢-لەناوی تیریەکەوە هاتووە بەناوی کەووبەرکان،کەورەکان،کوورکان،کووران،گۆران هاتووە

## وشەی هەورامان:-

چەند ڕایەکی جیاواز هەیە لەسەر ئەم وشەیە هەیە
1-ئەهورامان/کەلە دوو وشە پێکهاتووە (ئەهورا+مان)
(ئەهورا بەواتای خوادێت)
(مان بەواتای ماڵ یان خانوو هاتوو)ە
2-هورامان/ هوور بەواتای ڕۆژ دێت لە ئاڤێستادا
ئامان بەواتای هاتن دێت کەواتە دەکرێت بە خۆر دەرکەوتن یان هەڵاتن ناوی بێت

## شوێنی جوگرافی شێوەزاری هەورامیەکان:-

دانشتوویی شاخەکانی(هەورامان،هاوەو،هڵنگان،
دەوروبەری هەموویان بەو دیالێکتە دەبێت.
هەورامیەکانیش سێ بەشن:-
یەکەم- بەشی لهۆن(کەپێی دەوترێت هەورامیە لهۆنیەکان)
دووەم-بەشی تەخت(کەپێی دەوترێت تەختیەکان)
بەشی لهۆن/ لە خۆرئاوایی ڕیزی شاخەکانی هەورامان واتە کوردستانی باشوور نیشتەجێن.سەر بە عێراقە.
بەشی دووەمیان تەخت/ لە خۆرهەڵاتی ئەو ڕیزە شاخانە نیشتەجێن کەوتوونە دیوی خۆرر هەڵاتی کوردستان(ئێران).

بەشی سێیەم/ ژاوەرۆ: کەوتوەتە دیوی خۆرر هەڵاتی کوردستان، ناو خاکی(ئێران).

# ئاستەکانی زمان:-

## یەکەم : ئاستی دەنگسازی:

دەبێتە دووبەش (فۆنەتیك دەنگسازی گشتی)(فۆنۆلۆجی دەنگسازی تایبەتی)

١- فۆنەتیک: چی دەگرێتەوە:-

أ-(چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکان لە ئەندامانی ئاخاوتندا،وەچۆنیەتی گواستنەوەیان،وەچۆنیەتی وەرگرتنیان)

ب- چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکان دەبێت گشتی بێت بۆ هەموو زمانەکان بشێت.

2-فۆنۆلۆجی:

ئەو زانستەیە کە بەشێوەیەکی تایبەت لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە یەکە دەنگیەکانیش لە ناو فۆنۆلۆجی دا دووبەشی سەرەکی دەگرێتەوە

یەکە دەنگیەکان:-
١-فۆنیمی کەرتی
٢-فۆنیمی ناکەرتی

## دووەم/ئاستی ڕێزمان

ئەم ئاستە دەکرێتە دووبەشی سەرەکی:
1-ئاستی وشەسازی
2-ئاستی ڕستەسازی
1-ئاستی وشەسازی:وشەسازی ئەو زانستەیە کەلە وشەو چۆنیەتی دروستبوونی وشە دەکۆڵێتەوە لە زمانەوانی نوێدا هەندێك لە زمانەوانان لەم ئاستەدا باس لە مۆڕفۆفۆلۆجی و وشەسازی بە جیادەکەن بەو پێی مۆڕفۆلۆجی لە مۆڕف دەستپێدەکات:

مۆڕفۆلۆجی :

مۆڕف، ئەلۆمۆڕف، مۆڕفیم

مۆرفیم:

مۆرفیمی سەربەخۆ، مۆرفیمی بەند ، نوسەک

مۆرفیمی سەربەخۆ: وشە سادەکانن

مۆرفیمی بەند: دوو جۆرن

بەندی ڕێزمانی : (م.کۆ،م.ناساندن،م.تاك،م.کات،م.چاوگ.....هتد)

بەندی وشەداڕێژ: (پێشگر،پاشگر،ناوگر))

نوسەک: جێناوەکان

بەڵام هەرچی وشەسازیە :

لە بچوکترین پێکهاتەی وشە کەمۆرفیمی سەربەخۆیە دەستپێدەکات بەم شێوەیە
(وشەسازی>>وشە>>وشەی سادە
وشەی ناسادە>>داڕێژراو،لێکدراو)
2-ئاستی ڕستەسازی:ڕستەسازی ئەوزانستەیە کەلە ڕستەو چۆنیەتی دروستبوونی ڕستەو ڕیزبوونی کەرەستەکانی دەکۆڵێتەوە هەروەها گرێ و چۆنیەتی دروستبوونی گرێ لە جۆرەکانی دەکۆڵێتەوە
ڕستەسازی{گرێ،ناوی،ئاوەڵناوی،ئاوەڵکاری،بەندی،کاری}
ڕستە{سادە ، ناسادە}

سێیەم/ئاستی واتاسازی:

واتاسازی ئەو زانستەیە کە لە زمان پەیوەندی بە واتا دەکۆڵێتەوە واتاسازی دووبەشی سەرەکی دەگرێتەوە:
١-سیمانتیك
٢-پراگماتیك
١-سیماتیك: ئەو زانستەیە کە واتایی ڕستە بەپێی واتای وشەکان لەڕووی فەرهەنگیەوە لەناو ڕستەدا بەڕوونی و ئاشکرای دەخاتە ڕوو واتا مەبەست لێڵ واتایی نیە، دیوی سەرەوەی ڕستەیە.

وەک / شلێر زۆرجوانە ئەمڕۆ. هەمان واتایە
٢-پراگماتیك: ئەو زانستیە کە بریتی دەبێت لە(واتا+ دەوروبەر) واتا مەبەستەکە بەستراوە بە دەوروبەرەوە شێوەی ناڕاستەوخۆی تێدایەلەگەڵ دیوی ژێرەوەی ڕستەیە.

وەک / شلێر زۆرجوانە ئەمڕۆ. هەمان واتای نییە. واتە/ ئەمڕۆ ناشیرینە.

چوارەم ئاستی زمانەوانی:
ئەو زانستەیەکە لەزمان و هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە زمان هەیەتی بە ژیانەوە دەکۆڵێتەوە.
هەندێك لە لقەکانی زمانەوانی:-

١-زمانەوانی دەروونی:
٢-زمانەوانی کۆمەڵایەتی:
٣- زمانەوانی کارەکی:

## یەکەم: ئاستی دەنگسازی لە شێوەزاری هەورامی:

١-فۆنەتیك:

لەڕووی فۆنەتیکەوە تەنها دەنگە جیاوازەکان وەردەگەرین،کە لەم شێوەزارەدا بەدی دەکرێن

( وَ ،ۆ،یْ،ڤ،ث،ذ،ط)

أ-وَ: ئەم دەنگە لە ڕووی دروستبوونەوە شوێنی دروستبوونی لەناو ئەندامانی ئاخاوتندا لەهەمان شێوێنی دروستبوونی دەنگی(و،ڤ)دایە هەربۆیەش دەنگێکە لە شێوازی دەربڕینیدا لە ڕووی دەربڕینەوە لە نێوان دەنگی (و،ڤ) دەردەکەوێت کەواتا لەڕووی ئەندامانی ئاخاوتندا قوڕگ بەکاردێت بۆ دەنگی(و)وە لێو ددان بەکاردێت بۆ دەنگی(ڤ)لەهەمان کاتدا

وەک/ وَاچە  واتە بڵێ، کەوَاتری واتە کۆتر

ب-ۆ: ئەم دەنگە لە ڕووی دروستبوونەوە هەمان ئەندامانی ئاخاوتن بەکاردێت کەدەنگی(و،ۆ)تێدا بەکارێت لەیەك کاتدا هەربۆیەش لە نێوان دەنگی(و،ۆ)دایە لە ڕووی دەربڕینەوە واتا هەمان هەناسەی لێوخڕبوونەوەی دەنگی،(و،ۆ)ی تێدا بەکاردێت لەهەمان کاتدا

وەک / تۆ  واتە تۆ ، کۆگە واتە کوێ

ج-یْ: ئەم دەنگە لە ڕووی دەربڕینەوە لە نێوان دەنگی (ی،ێ) دایە بۆیەش هەمان ئەندامانی ئاخاوتنی هەردوو دەنگ لەیەک کاتدا بەکاردێت بۆ دەربڕین.

وەک / ئیْمە واتە ئێمە، پ یْسە واتە ئاوەها - وەکو

د- ڤ: ئەم دەنگە یەکێکە لەدەنگە سەرەکیە جیاوازیەکانی زاری گۆران و شێوەزاری هەورامی کەبەشێوەیەکی ئاشکرا لە قسەکردنیاندا دەردەکەوێت وەلەنێو وشەکانیشیاندا بەرچاو دەکەوێت لە ڕووی دروستبوونیەوە ئەندامی ئاخاوتنی گەروو،قوڕگ هەمان هەڵکەوتەی دەنگی(ع) وەردەگرێت بەڵام لە نێو دەمدا هەڵکەوتەی ئەندامانی ئاخاوتنی دەنگی(ڵ) وەردەگرێت بۆیەش لەڕووی دەربڕینەوە لە نێوان هەردوو دەنگی(ع،ڵ) دایە هەمان ئەندامانی ئاخاوتنی هەردوو دەنگ لەیەك کاتدا بەکاردەهێنرێت.

وەک/ ئە ڤا واتە دایک، د یْڤیْ  واتە باوەژن

## فۆنۆلۆجی لە شێوەزاری هەورامی:

فۆنۆلۆجی بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە دووبەش کە ئەویش:-
یەکە دەنگیەکان لە دووبەشی سەرەکی پێکدێن:-
1-فۆنیمی کەرتی
2-فۆنیمی ناکەرتی

1-فۆنیمی کەرتی: لەشێوەزاری هەورامیدا چوار بەشی سەرەکی دەگرێتەوە:-

دەنگ، فۆن

فۆنیم

ئەلۆفۆن

بڕگە
1-دەنگ/ فۆن: لە شێوەزاری هەورامیدا سێ بەشی سەرەکی دەگرێتەوە:-

أ-ڤاوڵ،بزوێن: کە پێك دێن لەمانەخوارەوە:
(ا،ە،ۆ،ێ،i،وو،ۆ،یْ)

ب-نیمچە ڤاوڵ:-لە شێوەزاری هەورامیدا لەمانەی خوارەوە پێك دێن

(و،ی،وَ)
ج.کۆنسنانت / نەبزوێن: کۆنسنانتەکانی زاری هەورامی بریتین لەمانەی خوارەوە:

(نەبزوێنەکانی زاری ناوەڕاست+ڎ+ث+ط
ئەودەنگە عەرەبیانەی کەڕای جیاوازی لەسەرە)

2-فۆنیم:- لە شێوازاری هەورامیدا هەمان مەرجەکانی فۆنیمی هەیە لە زاری ناوەڕاست،کە ئەوانیش ئەمانەن:-
١-لە ڕێگەی جووتۆکە دروست دەبێت.
٢-بەرامبەڕکردنی وشە.
٣-بەگۆڕینی یەك دەنگ.
٤-واتا دەگۆڕێنت.

بەگشتی پێکدێت لە سێ جۆر:-
1-فۆنیمی سەرەتا
2-فۆنیمی ناوەڕاست
3-فۆنیمی کۆتایی

-فۆنیمی سەرەتا/ وەک

| | |
|---|---|
| بەن<<<<پەت | کەڕ<<<<کەڕ |
| هەن<<<<هەبوون | هەڕ<<<<قوڕ |
| چەن<<<<دەرزی | تەڕ<<<<تەڕ |
| ژەن<<<<ژن | پەڕ<<<<پەڕی |
| شەن<<<<شەنکردن | پەڕ<<<<پەڕی باڵندە |
| کەن<<<<کەند | لەڕ<<<<لاواز |
| وەن<<<<قەزوان | فەڕ<<<<بەها |
| گەن<<<<گەنیو | سەڕ<<<<زەڕین |

فۆنیمی ناوەڕاست/ وەک

شان- سەر شان

شەن- شەنکردن

-فۆنیمی کۆتا/ وەک

چەم - چاو

چەن- دەرزی

3-ئەلۆفۆن:-
مەرجەکانی ئەلۆفۆن بریتین لەمانە:-
١-لە ڕێگەی جووتۆکە دروست دەبێت
٢-بە بەرامبەرکردنی وشە
٣-بەگۆڕینی یەك دەنگ
٤-واتا ناگۆڕێنێت

بۆ نموونە:-

مذانو>>>مزانو>>>(دەزانم)
مثانو>>>مسانو>>>(دەکرم)

دەنگی:-ڎ
یەکێکە لەو دەنگانەی کە لە شێوەزاری هەورامیدا بە شێوەیەکی ڕوون بەکارهێنانی هەیە،بەڵام لەو شوێنانەی کەلە ڕووی جوگرافیەوە لە زاری ناوەڕاست نزیکن بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە لە سلێمانی و هەڵبجە نزیکن بۆ ئاسانی دەربڕین ئەم دەنگە دەگۆڕێنن، بەمەش ئەلۆفۆنی بۆ دروست دەبێت بۆ دەنگی (د یان ی) بۆ نموونە:-
ئەڎا>>>ئەیا>>>(دایك)
مڎریو>>>مدریو>>>(دەدرێت)

هەندیک جارێش دەبنە ئەلۆفۆنی دەنگی /ت/

وەک

کوڕەکەڎ – کوڕەکەت

واتە دەبێتە ٣ ئەلۆفۆن: د، ی، ت

4-بڕگە:-بڕگە ئەو دەنگەیە یان چەند دەنگێکە بەیەك تەوژم لەدەم دێتە دەرەوە بە مەرجێك ڤاوڵی تێدابێت
واتا مەرجەکانی بڕگە بریتیە لە:-
١-دەبێت ڤاوڵی تێدابێت
٢-بەیەك تەوژوم لەدەم بێتە دەرەوەبەشێوەیەکی گشتی قاڵبی بڕگە لای زمانەوانان بریتیە لەمانەی خوارەوە:-

| | |
|---|---|
| V : | ە/ڎا دایک |
| VC: | اڎ - ئەو |
| VCC : | ارز - زەوەی عەرز |
| CV : | تۆ - تۆ |
| CCV : | گجی - کراس |
| CVC : | شۆت - شیر |
| CVCC: | مەژگ - مێشك |
| CCVC: | ڕۆیشتووە - لوَان |
| CCVCC: | ویەرد – تێپەڕی |

لە قاڵبی بڕگەدا لە شێوەزاری هەورامی زۆرترین جۆر کە بەکارهێنانی هەبێت جۆری(cvc)یە.

کەمترین جۆری کە بەکارهێنەری هەبێت لە شێوەزاری هەورامی(ccvcc)یە.

لەگەڵ ئەو قاڵبی بڕگانەی کەرای جیاوازیان لەسەر هەیە کە ئەوانیش بریتیە:- (vcc ،vc، v)

برگەی(V)ڤاوڵ بەتەنها یەکێکە لەو برگانەی کە ڕای جیاوازی لەسەر هەیە تائێستاش لەڕووی هەبوون و نەبوونیەوە ئەوانەی کەپێیان وایە ئەم برگەیە کەبوونی هەیە دەڵێن دەنگی (ئـ)تەنها بۆ ئاسانی هەناسە دەربڕین دێت بە تایبەتیش لەو کارانە دەردەکەوێت کە ڕانەبردوون.
ه/کەم ه/چم ه/خۆم

## 2-فۆنیمی ناکەرتی:

بریتیە لەو فۆنیمەی کە کەرت ناکرێت کەرستەکانی واتادارن وەدەبنەهۆی گۆڕینی واتا ئەوانیش بریتین لە(١-هێز،٢-ئاواز،٣-نێوان ٤-وەستان)

### 1-هێز:

هێز لە فۆنۆلۆجیدا بریتیە لەو پەستانە پلەدارەی ئەکەوێتە سەردەنگ یان برگەی وشە،بەگۆڕینی شوێنەکەی واتا و فۆڕمی وشە دەگۆڕدرێت
هێز دووڕۆڵی سەرەکی دەبینێت
أ-دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا
ب-دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆرمی ڕێزمان یان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە

گۆڕینی واتا نموونە:-

ورەَ>>>لۆکە(وشە)
وَرە>>>گێژ (وشە)
پەشتیَ>>>پشتی مرۆڤ(وشە)
پَەشتی>>>دواوە(وشە)

گۆڕینی فۆڕمی ڕێزمانی وەک:-
ئامایَ>>>هاتن(چاوگ)
ئاَمای>>>تۆ هاتیت(ڕستە)
خوَایَ>>>پێکەنین(چاوگ)
خوَآی>>>تۆ پێکەنیت(ڕستە)

### 2-ئاواز:

ئاواز وەك یەكێك لە فۆنیمە ناکەرتیەکان بەپێی بەرزی و نزمی دەربڕینی قسەکەر دەردەکەوێت،کەئەویش لە ئەنجامی شێواز و باری دەروونی قسەکەر لە لایەك و کاریگەری جۆری جوڵەو لەرەی ژێیەکان لەلایەکی ترەوە پەیدادەبێت،هەربۆیەش گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە هەرئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستەکە دەبەخشێت.
ڕۆڵی ئاواز یان ئەرکەکانی ئاواز:-

١-ڕێزمانی
٢-دەرخستنی هەڵوێستی قسەکەر
٣-پلەداری
٤-زانیاری

ئاواز بەشێوەیەکی گشتی کەرستەکەی ڕستەیە هەربۆیەش بەزۆری ئاواز لەناو ڕستەدا کاردەکات بۆ نموونە:-
کاوە ئارۆ لوَاوە یانە.(کاوە ئەمڕۆ ڕۆیشتەوە ماڵەوە)

لە شیکردنەوەی هەر ڕستەیەکدا لە ڕووی ئاوازەوە دەبێ ئەوە بزانین ئاوازی هەرکەرستەیەکی ناو ڕستە بەرزبوو ئەوا پرسیارە دەربارەی ئەو کەرەسەیە بۆ نموونە لێرەدا ئاوازەیەکی سادەیە و ڕستەیەکی هەوڵگەیاندنە،بەڵام لەم نموونەی خوارەودا ئاوازەکان دەگۆڕدرێت.
شەنیەر ساویشَ ئەسا(شەنیەر سێوی کڕی)

/
شەنیەرساویش ئەسا
تێبی بۆخۆم و بۆ بەرامبەرەکەشم لەهەردوو کاتدا پرسیار لەبارەی شەنیەر کراوە یان دەتوانین بڵێین پرسیار لەبارەی کێ کراوە؟لەبەر ئەوەی ئاوازی شەنیەر بەرزبۆتەوە کاتێك خۆم پرسیاربکەم پرسیار لەبارەی ئەوەی شەنیەر سێوی کڕیوە یان کەسێکی تر بەڵام بۆ بەرامبەرەکەم بەرامبەرەکەی پرسیار لە کێ دەکات لە وەڵامدا مەبەست ئەوەیە شەنیەر سێوەکەی کڕیوە نەك کەسێکی تر

/
٢-شەنیەرساویش ئەسا

پرسیارە دەربارەی ئەوەی کەچی کڕیوە کە ئایا شەنیەر سێوی کڕیوە یان چی یان شتێکی تر

/
٣-شەنیەرساویش ئەسا.

پرسیارە دەربارەی کارەکە کە ئایە شتی کڕیوە یان کارێکی تری کردووە
بەشێویەکی گشتی لە ئاواز دەتوانین جۆرەکانی ڕستەی پرسیاری
سەرسوڕمان،زانیار،هەواڵگەیاندن،بەهۆی ئاوازەوە لەیەك جیابکەینەوە

جیاوازی نێوان ئاواز لە شێوەزاری هەورامی و زاری ناوەڕاست:-
ئەوەی ئاواز لە شێوەزاری هەورامی جیادەکاتەوە ئەوەیە کەلەم شێوەزارەدا کەرەستەی ئاواز لە وشەش پێکدێت نەك تەنها ڕستە کەئەمەش تەنها لەچەند وشەیەکدا دەردەکەوێت وەك:

مەی>>>شەراب

مَەی>>>دێیت
مەیَ>>>تۆدێت(ڕاست ناکەیت )
مەٓی>>>مەڕ

نەی>>>دەزوو(شمشاڵ)
نَەی>>>بەرز(نەیت)

### ٣-نێوان:

نێوانی دەنگی بریتیە لە پەیوەندی نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر کە ڕاستەوخۆ لە درکاندا بەپێشی دەکەوێت یان لەدوای دادێت،کەدەبێتە هۆی گۆڕینی واتا،نێوانی دەنگی لە ئاستی دەنگسازیدا دەتوانرێت بەپێی گۆڕینی شوێن دیاریبکرێت
نێوانی دەنگی بەپێی گۆڕینی شوێن دووجۆرە
١-نێوانی داخراو
٢-نێوانی کراوە

١-نێوانی داخراو:بریتیە لە نەبوونی یان کەمبوونی توانای گواستنەوەی شوێنی نێوان و کەمی توانای زیادکردنی نێوانی دەنگی لەنێوان دەنگ و بڕگەکاندا،بۆیە ئەمجۆرە نێوانە لە کۆتایی وشەدادێت
٢-نێوانی کراوە:بریتیە لە توانای گواستنەوەی شوێنی نێوان و زیادکردنی ڕادەی نێوانی دەنگی لە نێوان بڕگەو دەنگەکانی زماندا،کەدەبێتە هۆی گۆڕینی واتا

| | |
|---|---|
| بێمەك+ | ناشرین(نێوانی داخراو) |
| بێْ+مەك | بێ خوێ(نێوانی کراوە) |
| سیاچەمانە+ | نێوانی داخراو(گۆرانی) |
| سیا+چەمانە | نێوانی کراوە(چاوڕەشەکانە) |
| نامفەڕکا+ | نێوانی داخراو(واتاکەی پیرۆزنیە) |
| نا+مفەڕکا | نێوایی کراوە(نەخێر پیرۆزە) |

### ٤-وەستان لەشێوەزاری هەورامیدا:

لە شێوەزاری هەورامیدا چوار جۆرە وەستانمان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە.

١-وەستانی تەواو

٢-وەستانی چەمك

٣-وەستانی پەسەند

٤-وەستانی ناپەسەند

أ-وەستانی تەواو:بریتیە لەو وەستانەی کە لە دوای گەیاندنی واتای تەواو پەیدا دەبێت لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە تەواوە بۆیە پەیوەست نیە بە دوای خۆیەوە نە لە ڕووی ڕۆنان لە نەلەڕووی واتاوە وەک لە ڕستەی هەوڵداندا دەردەکەوێت نموونە (کۆسالاًن لوَا بازاڕ+.) کۆسالاًن چوو بۆ بازاڕ.

ب-وەستانی چەمک:ئەو وەستانەیە کەلەدوای گەیاندنی مەبەست دەردەکەوێت و واتاکەی لە خودی خۆیدا دەردەکەوێت،بەلاًم لە ڕووی واتاوە دەبەسترێتەوە بە دوای خۆیەوە نەک لە ڕووی ڕێزمانەوە وەک(ڕۆجێنا + بۆچی نان مەوەرو) بەڕۆژەم + بۆیە نان ناخۆم.

ج-وەستانی پەسەند:بریتیە لەو وەستانەی کە بەپێی پێویست دیاری دەکرێت،کارناکاتە سەر تێکچوونی ڕێزمان و واتا بەلاًم مەرج نیە لە ڕووی واتا و ڕێزمانە نەبەسترابێت بە دوای خۆیەوە.

وەک(پاسە ئامایمێ؛ زوو بملێوَە. واتە واهاتین؛ زوو بڕۆینەوە)

د-وەستانی ناپەسەند:

ئەو وەستانەیە کە شوێنەکەی ناپەسەندە چونکە واتاو ڕێزمان دەشێوێنت ئەم جۆرەش زیاتر لە کاتی گرژی باری دەروونی یان نەگونجانی بارودۆخی قسەکردن دواتر لە کاتی تورەی و نائارامی دەردەکەوێت کەدەبێتە هۆی پەیداکردنی واتا و مەبەست لای گوێگر ئەمەش پەیوەستی دەکات بە واتاسازی و پراگماتیکەوە وەک(کوڕو+سەرەم چەرمەبی دەستۆ. کوڕی+سەرم سپی بوو بەدەستەوە.)

وەستانی ناپەسەند دوو جۆرە ١-خۆویست و ٢-خۆنەویست

١-وەستانی خۆویست: ئەو وەستانەیە کە لەژێر دەسەلاًتی خۆت دایە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستێک لە ڕووی واتا سازی و پراگماتیکەوە بەکاردەهێنرێت وەک نموونەکەی پێشوو(کوڕو+سەرەم چەرمەبی)

٢-وەستانی خۆنەویست: ئەو وەستانەیە زۆر بەی کات ناکەوێت ژێر دەسەلاًتی مرۆڤەوە یان خۆتەوە بەلًکو بەهۆی هۆکارە سروشتیەکانەوە دێتە پێشەوە هیچ واتا و مەبەست و لێکدانەوەیەکی بۆ ناکرێت وەک(کۆکە،پژمین،شەرمکردن،پێکەنین،گریانێک)

دووەم: ئاستی ڕێزمان لە شێوەزاری هەوارامیدا:

[١-ئاستی وشەسازی(مۆڕفۆلۆجی)
٢-ئاستی ڕستەسازی(سینتاکس)]

١-ئاستی وشەسازی(مۆڕفۆلۆجی):-
ئەم ئاستە لە هەموو یەکەکانی وشە دەکۆڵێتەوە واتە لە بچووکترین دانەی زمانی دەست پێ دەکات، لای هەندێک لە زمانەوانان مۆڕفۆلۆجی و وشەسازی بەرامبەر یەکتر دەوەستێنن،بەڵام هەندێک لە زمانەوانی دیکە بەشەکانی مۆڕفۆلۆجی لەگەڵ وشەسازی لە یەکتر جیادەکەنەوە وەك تەواوکەری یەکتر ناوزەندیان دەکەن:-
مۆڕفۆلۆجی پێک دێت لە :-

١- مۆرف

٢- ئەلۆمۆرف

٣- مۆڕفیم
مۆڕفیم دوو جۆرە

- مۆڕفیمی سەربەخۆ

- مۆڕفیمی بەند

مۆرفیمی بەندیش دوو جۆرە

بەندی ڕێزمانی

بەندی وشەداڕێژ

هەرچی وشەسازیە پێک دێت لە دوو بەشی سەرەکی:-
١-وشەو جۆرەکانی وشە دەگرێتەوە.
٢-بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

مۆڕفۆلۆجی لە شێوەزاری هەورامیدا:-
١-مۆڕف:فۆڕمێکی فیزیکییە، واتە خۆی دەنگە یان کۆمەڵە دەنگە یان وێنەیەکی ئیستراکتیکی مێشکە.
٢-ئەلۆمۆڕف:- شێوە جیاجیاکانی هەمان مۆڕفیمن.

دەتوانرێت مۆڕف بەوە پێناسە بکرێت،کەوا یەك شێوەی شێوە جیاجیاکانی هەمان مۆڕفیمە.

٣-مۆڕفیم:بچووکترین دانەی یان یەکەی زمانیە،کە واتادارە یان ئەرکدار بۆ نموونە

یەك نمونە بۆ مۆڕفیم و ئەڵۆمۆڕف و مۆڕف.
مۆڕفیم (ەكە)
(یەكە،ەكە،ێك،كە،ك، ...هتد)هەموویان ئەڵۆمۆڕفی مۆرفیمی(ەكە) ن.

هەر یەک لەمانەش مۆرفێکن

جۆرەكانی مۆڕفیم:-
١-مۆڕفیمی سەربەخۆ،٢-مۆڕفیمی بەند
١-مۆڕفیمی سەربەخۆ:-
وەك/

وَلی - گوڵ

تەوەنی<<بەرد

دزان<<ددان
چەم<<چاو

بەرە<<دەرگا
٢-مۆڕفیمی بەند:-

١- ڕێزمانی/مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی لە شێوەزاری هەورامیدا:-
١-ناساندن(ناسیاوی):-بەو پێیەی كە لە شێوەزاری هەورامیدا رەگەزمان هەیە و دوو مۆڕفیمی ناسیاوی دەردەكەوێت یەكیان بۆ ڕەگەزی نێر و یەكێكیان بۆ ڕەگەزی مێ یە (ەكە،ەكێ)
م.ناسراوی(ەكە بۆ نێر،ەكێ بۆ مێ)
(ەكە):

كورەكە<<<كورەكە
زەماكە<<<زاواكە
هانەكە<<<كانیەكە
كۆوەكە<<<كێوەكە
بەرەكە<<<دەرگاكە

(ەكێ):

كناچەكێ<<<كچەكە
هەسروە+هەسروەكێ<<<خەسووەكە
ڕەوَاسە+ڕەواسەكێ<<<ڕێواسەكە
مریچڵە+مریچڵەكێ<<< چۆلەكەكە

2)مۆڕفیمی نەناسیاوی(ێو بۆ نێر،ێوَە بۆ مێ)

ێو:
چەم>>چەمێو>>چاو>>چاوێك
کاسە>>کاسێو>>قاپ>>قاپێك
براڵە>>براڵێو>>برا>>برایەك
هەسوور>>هەسورێو>>خەزور>>خەزورێك

(ێوَە)
چەن>>چەنێوَە>>(دەرزیەك)
واڵەزا>>واڵە زێوَە>>(خوشکەزایەك)
وەریسە>>وەریسێوَە>>(گوریسێك)

٣- مۆڕفیمی کۆ:
لە شێوەزاری هەورامیدا مۆڕفیمی سەرەکی کۆ بریتیە لە(ێ).
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەو مۆڕفیمە کۆیانەی لە شێوەزاری سۆرانیدا هەن بەکارهێنانیان بەهەمان شێوە لە شێوەزاری هەورامیشدا هەیە مۆڕفیمەکانیش بریتین لە(ان،ها،جات،وات،گەل،ین).
کەواتە بەگشتی مۆڕفیمەکانی کۆی شێوەزاری هەورامی بریتین لە(ان،ها،جات،وات،گەل،ین،ێ)
کەهەموو ئەمانە دەبنە ئەلۆمۆڕفی مۆڕفیمی کۆ
نموونە:بۆ مۆڕفیمی سەرەکی کۆ(ێ)
(کناچێ - کچان،ژەنێ- ژنان)بۆمێ
(کوڕێ - کوڕان،پیێ - پیاوان)بۆ نێر
(بەرێ)بۆ شت >>دەرگاکان
ساوێ>>سێوان و سێوەکان
تەوەنێ>> بەردەکان
گۆراڵێ>>گوڵاڵەکان
چەمێ>> چاوەکان و چاوان

٤- مۆڕفیمی ڕێزمانی نەرێ:

لە شێوەزاری هەورامیدا بەهەمان شێوەزاری ناوەڕاست لەهەورامیشدا چەند مۆڕفیمێکمان هەیە کەبۆ نەرێ بەکاردێت ئەوانیش بریتین لە (نە،نـ،نا،مە،مـ،نی)کە ئەمانەش دەبنە ئەلۆمۆڕفی مۆڕفیمی نەرێ بەڵام سەرەکیتریان بریتیە لە(نە،نـ).
لە شێوەزاری هەورامیدا مۆڕفیمی نەرێ جیاوازی تێدادەبینرێت ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی هەورامانی گەورە کە ئەمانیش پێك دێن لە هەورامانی (تەخت ، ژاوەرۆ،لهۆن)
لە هەورامانی تەختدا

(نە،نـی،نا)بۆ نەفی کردن یان نەرێ کردن بە شێوەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت بۆ ڕانەبردوو ئەمانەن:

(نەمەکەرو>>ناکەم)
(نەمەبەرو>>نابەم)

(نەمەسانو>>ناکڕم)
بۆ ڕابردووش ئەوانەن:

(نەلێ>>نەڕۆیشتن)
نا / (نامێ>>نەهاتن)
نە/ (نەکەردشا>>نەیانکرد)

نی/ نیا – نییە

بەڵام لە هەورامانی لهۆندا گۆڕانکاری بەسەر مۆڕفیمی نەرێ داهاتووە ئەمەش لەژێر کاریگەری زاری ناوەڕاستە چونکە لە هەورامانی لهۆن جگە لە(نا،نە،نی،نـ) مۆڕفیمی نەرێ(مە،مـ)یش بەکاردەهێنرێت
لە هەورامانی لهۆندا بەجۆرێك (مە،مـ)بەکارهێنانی هەیە کەوا لە زۆربەی وشەکاندا مۆڕفیمەکانی تری نەرێی لابردووە.

وەک

مەکەرو- ناکەم

مەسانو- ناکڕم

مەبەرو- نابەم

٥- مۆرفیمی چاوگ: ن

نونی چاوگ لەسۆرانی بەکار دێت لەهەورامی (ەی، ای) بەکاردێت

وەک

ەی

بەردەی – بردن

کەردەی – کردن

ای

ئەسای – کڕین

لوَای – ڕۆیشتن

٦- مۆڕفیمی ڕێزمانی کات:

کاتی ڕابردوو( ا، ت، د، و، ی)

لوا/ ڕۆشت،  کۆت/ کەوت، کەرد/ کرد

بەردەوامی: دوبارەکردنەوەیە یان مە

ڕانەبردوو:- (م، مە)
ئەم مۆڕفیمە لە شێوەزاری هەوڕامیدا بەرامبەر (دە،ئە) دەوەستێت لەزاری ناوەڕاستدا لەهەرسێ بەشی هەورامیدا واتا لهۆن و تەخت و ژاوەرۆ جیاوازی لەم مۆڕفیمە بەدی دەکرێت.
لەهەورامانی تەختدا(مە،مـ) مۆڕفیمی سەرەکی کاتی ڕانەبردو، بەردەوامییە، واتا بەرامبەر(دە،ئە)دەوەستێت لەزاری ناوەڕاست نموونە وەك:

مە : لە تەخت و ژاوەرۆ
مەسانو>>>دەکرم
مەکەرو>>>دەکەم
مەلو>>>دەڕۆم

**لە هەورامانددا بەگشتی شەش جۆر دروست بوون لە بەردەوامیداهەیە**

١-ڕەگ+جێناو نموونە:
کەر+و>>>(کەرو-دەکەم)
بەر+و>>>(بەرو-دەبەم)
لێرەدا مۆڕفیمی ڕانەبردوو یان بەردەوامی (مە،مـ)سوانی بەسەرداهاتووە لەناوچووە و نەماوە.
٢-مـ +ڕەگ+جێناو نموونە وەك:
مسانو>مـ+سان+و=دەکڕم
مزانو>مـ+زان+و=دەزانم
مکەرو>مـ+کەر+و=دەڕۆم
ملو>مـ+ل+و=دەکەم
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەلە لهۆندا بەزۆری(مـ)بەرامبەر(دە،ئە)زاری ناوەڕاست دەوەستێت
٣-دووبارەکردنەوە بێ م:

ڕەگ+ ای چاوگ+ رەگ + جێناو نموونە
کەرای کەرو>>>(دەکەم)
بەرای بەرو>>>(دەبەم)

٤- دووبارەکردنەوە لەگەڵ م:

م + ڕەگ+ ای چاوگ+ رەگ + جێناو نموونە
ملای ملو>>>(دەڕۆم)
مسانای مسانو>>>(دەکڕم)
مارای مارو>>>(دەهێنم)
تێبینی/لە دووبارەکردنەوە دا سوود لە دووبارەکردنەوەی ڕەگی چاوگ وەردەگیرێت لەگەڵ جێناودا

٥- مه +ڕەگ+جێناو

مەکەرو/ دەکەم

مەبەرو/ دەبەم

٦- مە +ڕەگ+ ای چاوگ+ رەگ + جێناو:

مەکەرای مەکەرو / دەکەم ، مەبەرای بەرو / دەبەم

## - ئەلۆمۆڕف لە شێوەزاری هەوارامیدا:-

ئەلۆمۆڕفیمی مۆڕفیمی کۆ بریتیە لەمانەی خوارەوە

(یٚ،ان،جات،هات،وات،ها،گەل،ین)

ئەلۆمۆڕفی مۆڕفیمی ناسراوی:-
بریتین لەمانەی خوارەوا(ەکە،ک،یەکە،یەك)بۆ نێر بەکاردێت لە هەورامی
(ەکیٚ،کیٚ،یەکیٚ)بۆ مێ

ئەلۆمۆڕفیمی مۆڕفیمی نەناسراوی:-
(یو بۆ نێر)(یوَە بۆ مێ)

ئەلۆمۆرفی مۆڕفیمی ڕێزمانی نەرێ:-
(نە،نـ،نا،مە،نی ،...هتد)

٢- مۆڕفیمی وشەدارێژ لە شێوەزاری هەورامیدا:-
1)پێشگرەکان:-پێشگر لە شێوەزاری هەورامی دا دووجۆرە:-
١-پێشگری سادە
٢-پێشگری نادسادە
١-پێشگری سادە:-بریتین لەم پێشگرانەی خوارەوە وەك:-
(هور،هەڵـ)،(ئەوە،لێ)،(ومر،بەر)،(بەر،بەر)،(پنە،پێ)
(ئەنە،لێ)،(چنە،لێ)،(لا،لا)،(پەك،پەك)،(ئەرە،دا)،(ونە،لێ)
٢-پێشگرە ناسادەکان:-بریتین لەمانەی خوارەووە:-
(پنەدا،پێدا)(چنەئەرە،لێدا)(پۆوە،بێ وە)
(پێك،پێك)(جەیۆ،لێك)(پۆرە،پێدا)

نموونەی پێشگرەکانی لەزاری هەوراميدا:-

سادەکان
هورداى>>>هەڵدان
ئەوە ساناى>>>سەندنەوە
ونە خشناى>>>لێ خشاندن
چنە ئاستەى>>>تێدا هێڵان
پنە داى>>>پێدان
ئەرە بريەى>>>دابڕين

ناسادەکان

پنەدا بەردەی – پێدا بردن

جەيۆكەردەی – لێک کردن، لەيەک کردن

چنە ئەرە بڕيەى – لێ دا بڕين
2)پاشگرەكان:-لە شێوەزارى هەوراميدا بريتين لە(ەنە،نە،ۆ،ناى،ەرە)
نموونە بۆ پاشگرەكان لە شێوەزارى هەوراميدا:-
بەزناى>>>بەزاندن
ئامايەرە>>>ڕاهاتن
كێشتەيۆ>>>كێشانەوە
ئاردەيەنە>>>تێ هێنان،هاتنە ناوەوە،داهێنان

## وشەسازى لە زارى هەوراميدا:-

١)وشەى سادە
٢)وشەى ناسادە
١)وشەى سادە:-هەموو مۆرفيمە سەربەخۆكان دەگرێتەوە
وەك(دزان،دار)(كەش،شاخ)(كۆ،كێو)(چەنى،دەرزى)
(چەم،چاو)(وَلى،گوڵ)

٢)وشەى ناسادە:-بريتين لە دووجۆر(١-داڕێژراو،٢-لێكدراو)
١)داڕێژراو:-هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە كە بەهۆى مۆرفيمى وشەى داڕێژراو دروست دەبن،واتا(پێشگر و پاشگرەكان)

نمونەكانى مۆرفيمى وشەداڕێژ بۆ ئێرە بنوسن

٢)لێكدراو:-لەدوو وشەى سادە پێك دێن يان دوو وشەى سادەى گيرەكێك،وەك
داربڕيەى>>>داربڕين
سەركۆتەى>>>سەركەوتن

ڕستەسازی لە شێوەزاری هەوامیدا:-ڕستە لەم شێوەزارەدا بەهەمان شێوەی زاری ناوەڕاست پێکدێت لە دووجۆر:-
أ/ ڕستەی سادە
ب/ ڕستەی ناسادە
أ/ڕستەی سادە:-بەپێی کاتەکەی دەبێتە دووجۆر:-
١-ڕستەی سادەی ڕابردوو
٢-ڕستەی سادەی ڕانەبردوو

٢- ڕستەی سادەی ڕابردوو

١- ڕستەی ڕابردووی سادەی نزیک: وەک/

- ویار کۆت.
- شلێرە کۆتە. ە

٢- ڕستەی ڕابردووی تەواو: وەک

- ویار کۆتەن. ەن
- شلێرە کۆتێنە . ێنە

کەواتە بۆ ڕابردووی تەواو، بەرامبەر(وە،ووە)ی زاری ناوەڕاست (ەن، ێنە ) دێت لە هەورامیدا.

٣- ڕستەی ڕابردووی دوور: وەک

- ویار کۆتەبیْ. ەبیْ
- شلێرە کۆتێبیْ. ێبیْ

کەواتە بۆ ڕابردووی دوور بەرامبەر(بوو)ی زاری ناوەڕاست (ە بیْ، ێبیْ) بەکاردێت لە هەورامیدا
٤- ڕستەی ڕابردووی بەردەوام: وەک

- ویار گنیْ
- شلێرە گنیْ
- ویار گنای گنیْ
- شلێرە گنای گنیْ.

بەردەوامی بەسێ ڕێگە دروست دەبێت
١- Ø+ڕەگ+جێناو : ویار نانەکەی بەریْ
٢-دووبارەکردنەوە: ویار نانەکەی بەرای بەریْ
٣-مە+ڕەگ+جێناو: ویار نانەکەی مەبەریْ.

٢- ڕستەی ڕانەبردوو:

ڕستەی ڕانەبردوو لە هەورامیدا بەچەند ڕێگا دروست دەبێت

بەرامبەر (دە)ی ڕانەبردوو لە شێوەزاری هەورامیدا(مە،م،دووبارەکردنەوە،بەکاردێت، لەگەڵ کۆمەڵەی بەتاڵ) نموونە:

لە لهۆندا:
١- (Ø+ڕەگ+جێناو) : ویار یانە سانۆ
٢- (دووبارەکردنەوە بێ م، مە) : ویار یانە سانای سانۆ
٣- (مـ+ڕەگ+جێناو) : ویار یانە مسانۆ
٤- (مـ+دوبارەکردنەوە) : ویار یانە مسانای مسانۆ

لە تەختدا:
١- (مە+ڕەگ+جێناو) : ویار یانە مەسانۆ
٢- (مـە +دوبارەکردنەوە) : ویار یانە مەسانای مەسانۆ
لە هەموو ئەو نموونانەدا یەک مانای هەیە ( ویار خانوو دەکڕێت. )

ب- ڕستەی ناسادە:

(نەوشەبێنێ،پۆچی نامانێ) (نەخۆش بووم، بۆیە نەهاتم)
(ئاڎ لوَا،بۆچی ئێمە نامایمی)(ئەو ڕۆیشت، بۆیە ئێمە نەهاتین)
ئەم جۆرە ڕستەیە بەهۆی ئامرازەکانەوە دروست دەبن کە ڕستەی شارستە و پارستە لێکدەدەن
پۆچی>>>بۆیە
کە>>>کە
کاتێو>>>کاتێك
ئەگەر>>>ئەگەر

## ( کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆکان لە هەورامیدا )

کۆمەڵەی بکەر:
من (من) / ئێمە (ئێمە)
تۆ (تۆ)/ شمە ( ئێوە)
ئا ڎ (ئەو)/ ئا ڎێ (ئەوان)

کۆمەڵەی بەرکار:
من (من) / ئێمە (ئێمە)
تۆ (تۆ)/ شمە ( ئێوە)
ئا ڎی(ئەو)/ ئا ڎیشا(ئەوان)